## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

## بـەنـاوی گـەلـەوە

بـــڕیـــار

ژمـارە (١٧)ی سـاڵـی ٢٠١٠

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی ( یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ) ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمووارکراو پێمان دراوەو ، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لەدانیشتنی ژمارە (١١) لە ٢٠١٠/١١/٣ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

### یاسای ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠١٠
### یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی دادێن ، واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەکەم :** وەزیر : وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان .

**دووەم :** سەرۆکی یەکەی کارگێڕی : پارێزگار - قایمقام - بەڕێوەبەری ناحیە .

**سێیەم : خۆپیشاندان** : کۆمەڵێکی ڕێکخراو یان نیمچە ڕێکخراوی خەڵکە ، بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەگۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتیەکاندا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو دەڕۆن ، ئامانجی دروست کردنی رایەکی یەکگرتووی گشتییە بۆ وەدیهێنانی مەبەستێکی دیاری کراوو ( گردبوونەوەی گشتی بەمەبەستی خۆپیشاندان ، مانگرتن ، پەناگیری ) لەخۆ دەگرێت .

**چوارەم : لێژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندان** : بریتییە لە ژمارەیەك کە لە سێ کەس کەمتر و لەپێنجیش زیاتر نین ، خاوەن شیانی یاسایین و ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خۆپیشاندان ، دەگرنە ئەستۆ .

**پێنجەم : لایەنی پەیوەندیدار** : ئەو لایەنەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەخواستەکانی خۆپیشاندەران یان گردبووانەوە هەیە .

**ماددەی دووەم :**

**یەکەم :** خۆپیشاندان مافێکی دەستوورییە و بەپێی یاسا پیادە دەکرێ .

**دووەم :** نابێ بەپێچەوانەی یاساوە پیادەکردنی مافی خۆپیشاندان قەدەغە بکرێ .

**سێیەم :** نـابـێ مـەبـەسـت لـەخـۆپیشانـدان هـانـدانـی گـرووپێك دژی گـرووپێكـی دیـاری كـراو بێـت بـەهـۆی ( ئـایـن یان نـەتـەوە یان ڕەگـەز یان هـانـدانـی گـرووپێك دژی گـرووپێكی دیكـە بێت ) .

**ماددەی سێیەم :**

**یەكەم :**

١. وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتدانی خۆپیشاندانی هەیە ، ئەگەر لەسەر ئاستی هەرێمدا بوو .

٢. سەرۆكی یەكەی كارگێڕی مافی مۆڵەتدانی خۆپیشاندانی هەیە، هەریەك لەنێو یەكەی كارگێرییی خۆیدا .

**دووەم :** نابێ خۆپیشاندان بكرێت ، هەتا داوایەك پێشكەش بە وەزیر یـان سـەرۆكی یەكـەی كـارگێڕی نـەكرێ و رەزامەندیی نووسراو بەدەست نەهێندرێت .

**سێیەم :** وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی بۆی هەیە داواكاری رێكخستنی خۆپیشاندان رەت بكاتەوە ، ئەگـەر بۆی ساغ بووەوە كە زیان بەسیستەم و ئاكاری گـشتی دەگەیـەنێ و پـێ ڕاگەیانـدنی رەت كردنەوەكـەش بەنوسین دەبێت و هۆكارەكەش دیاری بكرێت .

**چوارەم :** لێژنە بۆی هەیە تانە لەبڕیاری رەتكردنەوە بگرێ لەلای دادگای تێهەڵـچوونەوەی ناوچـەكە لـەماوەی (٣) رۆژ لەمێژووی پێ راگەیاندن و دادگاش پێویستە لەماوەی (٤٨) كاتـژمێر تانەكـە یـەكلایی بكاتـەوە و بڕیارەكەش یەكلایی كەرەوەیە .

**پێنچەم :** دەرچوونی خەڵك بەكۆمەڵ بۆ گۆڕەپان و شەقام و شوێنە گشتییەكان لە بۆنەی نیـشتمانی و نەتـەوەیی و ئاینی بەپێی نەریتی خۆ جێی باو بەدەر دەكرێ لە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ مەبەستەكانی سەرەوە .

**ماددەی چوارەم :**

**یەكەم :** داواكاری رێكخستنی خۆپیشاندان لەلایەن لێژنەوە پێش وادەی ئەنجامدانی بە (٤٨) كاتـژمێر بەلایـەنی كەم بەمەرجێك رۆژانی پشووی فەرمی رەچاو بكرێت .

**دووەم :** پێویـستە داواكارییەكـە ناونیـشان و ئیمـزای ئەنـدامانی لێژنـەی سەرپەرشـتی كـاری رێكخـستنی خۆپیشاندانەكە بگرێتە خۆ مەبەستەكەشیان لەو بارەیەوە روون بكرێتەوە ، رێگای رۆیشتنەكەیان و كات و شوێنی دەستنیشان بكرێت .

**سێیەم :** پێویستە خۆپیشاندانەكە ئاشتیانە بێ و دوور بێ لەكاری توند وتیژی و هەڵگرتنی داواكاری بۆ هانـدانی توندوتیژی و جیاوازی قەدەغەیە .

**چوارەم :** لەحاڵەتی وەڵام نەدانەوەی داواكارییەكە كە لەلایەن لێژنـەوە پێـشكەش كـراوە دوای تێپـەربوونی (٤٨) كاتژمێر بەسەر مێـژووی پێـشكەش كردنـی داواكارییەكـە ، ئەمـە بەرەزامەنـدی لەسـەر رێكخـستنی خۆپیشاندانەكە دادەنرێ.

**ماددەی پێنچەم :**

**یەكـــەم :** هـــەموو هاوولاَتیـــان و ئەوانـــەی بەشـــێوەیەكی یاســـایی لـــە هەرێمـــدا نیـــشتەجێن و پـــارتی سیاســی و رێكخراوەكــانی كۆمــەلَگای مــەدەنی و ســەندیكا پیــشەییەكان و یــەكێتی و كۆمەلَــە و رێكخستنی دیكەی بەپێی یاسا مۆلَەت دراو ، ئازادیی رێكخــستنی خۆپیــشاندانیان هەیــە ، لــەپاش بەدەست هێنانی رەزامەندی یان لەپاش تێپــەڕبوونی مــاوەی یاســایی ، كەلەبڕگــەی چــوارەم لــەماددە چواری ئەم یاسایەدا هاتووە .

**دووەم :** دەبێ دەزگاكانی پۆلیس خۆپیشاندەران بپارێزن .

**سێیەم :** دەبێ لایەنی پەیوەندیدار داوای خۆپیشاندەران دوای خوێندنــەوەی وەربگرێــت ، پاشــان لەگــەلَ لیژنــەدا كۆببێتەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆی لەماوەیەكی دیاری كراوی گونجاودا .

**ماددەی شەشەم :**

نابێ كەس لەبەر هەر هۆیەك بێت ، ناچار بكرێت لە خۆپیشاندانەكەدا بەشداری بكات یا نەكات .

**ماددەی حەوتەم :**

**یەكەم :** قەدەغەیە چەك لەلایەن بەشدارانی خۆپیشاندانەوە لــەكاتی خۆپیــشاندانەكەدا هــەلَبگیرێت یــان لــەخۆ ببەسترێت ، با لــە رووی یاساییــشەوە مۆلَــەتی هــەلَگرتن یــان بەســتنیان هــەبێت ، ئــەویش لــەكاتی خۆپیشاندانەكەدا .

**دووەم :** قەدەغەیە هەر ماددەیەكی تەقەمەنی یان ژەهراوی یان ســووتێنەر لــەكاتی خۆپیــشاندانەكەدا لەلایــەن خۆپیشاندەرانەوە هەلَبگیرێت یان لەخۆ ببەسترێت .

**سێیەم :** دەزگاكانی پۆلیس بەگوێرەی یاسا كار پێ كراوەكان ، رێكــاری یاســایی دەرهــەق بــە سەرپێــچیكاران دەگرنە بەر .

**ماددەی هەشتەم :**

**یەكەم :** وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێری ، لەحالَەتی دەرچوونی خۆپیشاندانەكە لەئامانجی خۆی یــان كــاتی دیاری كراوی خۆی ، بۆی هەیە پاش راوێژ كردن لەگەلَ لیژنەكەدا ، خۆپیشاندانەكە بلاَوە پێ بكات .

**دووەم :**

١. ئەگەر دەزگاكانی پۆلیس زەحمەتییان لەبلاَوە پێ كردنی خۆپیشاندەراندا بینی ، وێرای ئەوەی داوایان لێ كرا و لەسەر ئەوەش سوور بوون ، بۆی هەیە هۆكاری مۆرك مەدەنی بۆ بلاَوە پێ كردنــی خۆپیــشاندەران بەكار بهێنێ .

٢. رێكاری یاسایی دەرهەق بەدورستكەرانی ئاژاوە لەكاتی خۆپیشاندانەكەدا بگیرێتە بەر .

**ماددەی نۆیەم :**

ئەگەر لەکاتی خۆپیشادانەکەدا ئاسایش یان سیستەمی گشتی یـان ئـادابی گـشتی تێـك درا ، یـان زیـان بەئەوانی دی یان بەسامانی گشتی یان تایبەتی گەیشت ، یان خۆپیشاندانەکە لەئامانج و مەبەستی دیاری کراوی دەرچوو ، سەبەبکاران بەرپرسایەتیی قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانـەیان دەکەوێتـە ئەسـتۆ کـە بـەو هۆیەوە دەکەونەوە و ، ڕێکاری یاسایشیان بەگوێرەی یاسا کار پێ کراوەکان ، دەرهەق دەگیرێتە بەر .

**ماددەی دەیەم :**

هەر کەسێك سەرپێچیی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات ، سزای بەندکردنی بە سەردا دەسەپێت ، بەماوەیەك کە لە مانگ زیاتر نەبێت یان بەغەرامەیەك کە لە پەنجا هەزار دینار کەمتر و لە پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێت ، یان بە هەردوو سزاکە .

**ماددەی یازدەهەم :**

**یەکەم:** لە حاڵەتێکدا کە دەزگاکانی پۆلیس لـە سـنووری دەسـەڵات دەرچـوون بـۆ بـەکارهێنانی هێـزی لـە رادەبەدەر لە دژی خۆپیشاندەران ئە وا ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان وەردەگیرێت بەپێی یاسا جێبـەجێ کراوەکان .

**دووەم:** حکومەت پابەند دەبێ بەدانی قەرەبوو بۆ زیان لێ کەوتووان کە لـە ئـەنجامی دەرچـوونی دەزگاکـانی پۆلیس لەسنووری ئەرکی راسپێردراوی خۆیان روویان داوە.ئەمەش بە پێـی بڕیارێـك دەبێـت کـە لـە دادگای تایبەتی دەرچوو بێ .

**ماددەی دوازدەهەم :**

حوکمەکانی ئەم یاسایە بە سەر هەموو حاڵەتەکانی مان گـرتن و پـەناگیردا پیـادە دەبـن ، لـە کـاتی دەرچوونی مانگرتووان یان پەناگیران بۆ گۆڕەپان و شەقامی گشتی بۆ خۆپیشاندان .

**ماددەی سێزدەهەم :**

نابێ هیچ خۆپیشاندانێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە رێك بخرێت .

**ماددەی چواردەهەم :**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت ، کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت .

**ماددەی پازدەهەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی شازدەھەم :**

وەزیر بۆی ھەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ .

**ماددەی حەڤدەھەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی ھەرێمی کوردستان – عێراق**

**ھـــەولـــێر :**
٨/ کانوونی یەکەم /٢٠١٠ی زایینی .
١٧/ ســـەرمـــاوەز /٢٧١٠ی کوردی .
٢/ مـــحـــرم /١٤٣٢ی کـــۆچـــی .

## ھـۆیـەکـانـی دەرچـوانـدنـی

لەبەر ئەوەی خۆپیشاندان مـافێکی دەسـتوورییە و بـۆ مـسۆگەر کردنـی وەدی ھێنـانی ژیـانی دیموکراسـی وپاراسـتنی وەرسووڕان بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێز گرتن لە ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤـ و لەپێناو مـسۆگەرکردنی گوزارشـت کردنـی جەماوەر لە ڕای خۆی و پیشان دانی خواستی ڕەوای بەشێوەیەکی ئاشتیانە و راسـتەوخۆ و دوور لـە پەشـێوی نانـەوە و پاراسـتنی بەرژەوەندیی گشتی و تایبەت لەزەرەر و زیان و ڕەچاوکردنی پرەنسیپ ڕێساکانی نێودەوڵەتیی تایبـەت بـەماف و ئازادییـەکان و ، لەبەر ئەوەی یاسایەکی تایبەت بەرێکخستنی خۆپیشاندان و مان گرتن و پەناگیری نیە ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا ٠